

دەستخەتی میری دانیمارک بۆ وەزیری رۆشنبیری

بەرگی دیوانەکە

میری دانیمارک دیوانێکی خۆیی پێشکەش بە وەزیری رۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد

پێداچوونەوەو وەرگێڕانی لە دانیمارکیەوە:
زریان کاکەیی

prins Henrik Cantabile هاوسەری مەلیکەی دانیمارکەو دیوانێکی شعری ٢١٩ لاپەڕەیی بە دیاری بۆ وەزیری رۆشنبیری فەلەکەدین کاکەیی کردۆتە دیاری و لەسەر لاپەڕەی یەکەم بە دەستنووسی خۆی نوسیویەتی: (بۆ وەزیری کەلتوور بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی لەگەڵ سوپاس و پێزانین/ ئیمزا پرێنس هینریک دیسەمبەری ٢٠٠٨)
دیوانەکە بە زمانێکی زۆر پوخت و چڕی فەڕەنسی نووسراوەو لە لاپەڕەی بەرامبەریشی تێکستەکان کراونەتە دانیمارکی.
دیوانەکە لە بەرگ و چاپێکی زۆر جوان و گرانبەهای خۆی دەنوێنێ و سی تابلۆ و کۆڵاژی رەنگامەی نایاب نەخشاوە.
کە لەلایەن شاژنی دانیمارکی DRONNING MARGRETHE II دروستکراوەو لە چاپخانەی POUL KRISTENSENS FORLAG لە چاپ دراوەو، لەسەر بەرگی پشتەوەی دیوانەکەی ئەم کۆپلە شعرە نووسراوە:

تۆ دەروازە بینێکی شارەزای
منیش کەشتیوانی گیان
بەیەکەوە ئەم لاپەڕانە دەنووسینەوە
بە هەڵدڕینی
شەپۆڵ دووای شەپۆڵ
ئەڵقە دووای ئەڵقە
ساڵ دوای ساڵ

پرێنس هێنریک لە خێزانێکی فەڕەنسی لە ساڵی ١٩٣٤ لە Talensa لە دایکبووەو پێنج ساڵی سەرەتای ژیانی لە (ئیندۆکینا) کە دەکاتە ڤێتنامی ئەمڕۆ بەسەر بردووە لەگەڵ خێزانەکەی و ئەمەش بۆتە هۆی زمان پژانی لە ڤێتنامی و چینی. قۆناغەکانی خوێندنی لە فەڕەنسا بڕیوەو لە زانکۆی سۆربۆن کۆتایی بە خوێندنی یاساو زانستە رامیارییەکان هێناوەو شارەزایی لەم زمانانەدا هەیە فەڕەنسی زمانی دایک، دانیمارکی، چینی، ئینگلیزی، ڤێتنامی.
لە ساڵی ١٩٦٧ لەگەڵ پڕەنسێسەی دانیمارک DRONNING MARGRETHE II ئاهەنگی هاوسەرگیری دەگێڕن و لەوساوە وەک پرێنسی دانیمارک دەناسرێ و جێنیشنی دانیمارک دەبێت لە شاری کۆپنهاگن.
پرنس هێنریک لە ژیانی خێزانداری لەگەڵ شاژنی دانیمارکی دەبن بە خاوەنی ٢ کور، پرینس FREDERIK کە لە ساڵی ١٩٦٨ بە دنیا هاتووە، لەگەڵ پرینس JOACHIM کە لە ساڵی ١٩٦٩ بە دنیا هاتووە.
شایانی باسە ئەمڕۆ پرێنس هێنریک باپیرەی ٣ نەوەیە کە لە پەیوەندی خێزانداری کوڕەکانییەوە بە دنیا هاتوون.
لە هۆنراوەکانی پرینس هێنریک ئەم رەگەزانە دەبینرێن.
خۆشەویستی، مرۆڤ دۆستی، نەمری رۆح، پیرۆزی زام و ناسۆرەکان، بڕواو پاکی، بێ سنووری و ئەبەدیەت، جوانی و وێژدان، ئازادی و جەمسەرەکان، خەون و رەنگامەیی ژیان..... لەگەڵ چەندان رەگەی ناسکی شعری دیکە.
* ئەمەش نموونەی دوو پارچەی شعری پرینس HENRIK CANTABILE لە دیوانەکەی:

لە لاپەڕە ٣٧ دیوانەکە
فەزیلەتی سزادراو یا جارێکی دیکە رۆحی خونچە
جوانی خونچەیەک لەسەر
سینەییەکی سیس هەڵدەلەرزی
وەکو نیگەرانی ماچێکی بۆندار
رۆحی گوناهبار لەسەفەری هەمیشەییە
چۆن لەزەت دەکا لە دەسەڵاتە زاهیرییەکانی
جوانی ئەو دەبێ بێگەرد بدرەوشێتەوە
ئەمە سزایە بۆ شانازی کردن لای خەڵکی.

لەلاپەڕە ١٦٥ی دیوانەکە
وەختە
رۆژ دوایی نایە
ساڵیش
ترسێکی دزێوم هەیە
ئازارەکان تێدەپەڕێ
هەناوم خوێنی لێ دەڕژێ

ئەمڕۆ سبەی دوێنێ
هەمان غەریبیە
وێڕای رەنوسی خەوتووی یاداشتی لە یادچووم
رەشەکان ئارام دەبنەوە
دوا لاپەڕە هەڵدەدەینەوە
وەختە
کاتی پشکنینە
ئەم هەموو وەختە چییە؟
جەژنەکان بۆ کێن؟
ئایا شتێکم بەر دەکەوێ؟
وەختە
وێڕای رەنووسی دڵی خۆراگرم
میلە وەستاوەکان خەونە لێلەکانم
وەسف دەکەن
ئارامی ناشرین ئازارم دەدەن
وەرە هاوڕێم
هەموو رۆژێک ئازاری خۆی هەیە
وەخت تێدەپەڕێ
بێ تۆ بەختەوەری کورتە
وەختی ئازارمە
هەناوم خوێنی لێدێ

* دەقەکان بەراوردکاری کراون لەگەڵ تێکستە فەڕەنسییەکەشی بە یارمەتی دکتۆر موحسین ئەحمەد عومەر.

*** تێبینی: ئەم کتێبە لە رێگەی شاعیری عێراقی (منعم الفقیر) بەدەست وەزیری رۆشنبیری گەیشتووەو دیارە میری دانیمارک رۆشنبیرەو شارەزاییەکی چاکی زمانی ڤێتنامی و چینی و فەڕەنسی و دانیمارکی هەیە و شیعرەکەشی رەنگی فەرهەنگی چین و باشووری رۆژهەلاتی ئاسیای پێوە دیارە.**

أسماء الألوان / دوا سەرنج / الصفحة: ٨٠ / ٤/١/٠٩ / 10:29 PM